PAY INSTITUTE
For Education & Development

ئەنستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

**PAY**

# را پۆرتی دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لە هەرێمی کـــوردستان

**٢٠١٤**

PAY INSTITUTE
For Education & Development

ئەنستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

**PAY**

# را پۆرتی دیاردەی وازهێنـان لە خوێندن
# لە هەرێمی کـــوردستان

# دیاردەی وازهێنان لەخوێندن لە هەرێمی کوردستاندا

## چەمکی وازهێنان لە خوێندن:

سەبارەت بە دیاردەی وازهێنان لە خوێندن(التسرب الدراسی) پێناسەی جیاجیا هەیە، چەمکەکە بەپێی جیاوازیی سیاسەتی پەروەردەو فێرکردن، لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر دەگۆڕێت و جیاوازە. لێرەدا چەند پێناسەیەکی دەخەینەڕوو.

*–وازهێنانی منال لە قوتابخانە بەر لە تەواوکردنی پۆلی شەشەمی سەرەتایی.

*–هەر منالێك قوتابخانە بەجێبهێلێ بەر لە تەواو کردنی قۆناغی ناوەندی.

*–هەر خوێندکارێك واز لە قوتابخانە بێنێ بەر لە تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی.

*–ئەم دیاردەیە وازهێنان و دابڕانە لە خوێندن بەر لە تەواوبوونی و پەیوەندی نەکردن بە هیچ خوێندنگەیەکی ترەوە، جا بەهەر هۆکارێکەوە بێت (جگە لە مردن).

*–بەپێی پێناسەیەکی یۆنسێفیش ئەوەیە کە: پەیوەندی نەکردنی ئەو منالانەی تەمەنیان گەیشتۆتە ئەو ئاستەی لە خوێندن وەربگیرێن، یا وازهێنانیان لە خوێندن بەبێ ئەوەی قۆناغەکە تەواو بکەن و لێی دەرچن. جا ئەو جێهێشتنە بە ئارەزووی خۆیان بێت یا هۆکاری تر.

*–لە بنەمای (٢٦) جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤدا هاتووە: هەموو کەسێك مافی هەیە لە دامو دەزگای پەروەردە سود وەر بگریت. خویندن و پەروەردە، لانی کەم خویندنی سەرەتایی و خویندنی و سەرەتایی دەبێ خۆڕایی بێت. خویندنی سەرەتایی ئەرکی سەرەکیە، پەروەردەی تەکنیکی وە پیشەیی دەبی ببیتە گشتی ، بەدەستهینانی

خویندنی بالا دەبی بە یەکسانیەکی تەواو بو هەمو کەس دابین بکریت  هەتا هەر کەسیك بتوانیت بە پی توانای خۆی سودی لێوەر بگریت.

## دیاردەی وازهێنان لە خوێندن

دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لە زۆربەی ولاتانی جیهاندا بوونی هەیە، بەلام بە پێی ئاستی پێشکەوتن و رۆشنبیری و کولتوری کۆمەلگە و باری ئەمنی هەریەك لەو ولاتانە گۆڕانی بەسەردا دێت.

## هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن:

هۆکارەکان زۆرن و لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر گۆڕانی بەسەردادێت.

## دیاردەی دابڕان لە خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا

هەرچەندە هەرێمی کوردستان لە بواری پەروەردەدا، بە بەراورد لەگەل سالانی رابردوو گۆڕانی بەرچاوی تێدا هاتۆتە کایەوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا کەم و کوڕی و کەلێنی زۆریشی تێدایە.

بەپێی ئامارە فەرمییەکانی خودی وەزارەتی پەروەردە، رێژەی وازهێنان لەخوێندن مەترسیدارە و پێویستی بە هەلوەستە لەسەرکردنی جدی و کاری بەیەکەوەیی هەموو دام و دەزگە پەیوەندیدارەکان هەیە.

بە پێی ئامارەکانی خودی وەزارەتی پەروەردە لەم چوار سالەی ئەم دواییە وازهێنان لە قۆناغی بنەڕەتیدا (١-٩) بەم جۆرە بووە:

٢٠١٠-٢٠١١—(١١.٥٩٦) خوێندکار لە خوێندن دابڕاون.

٢٠١١-٢٠١٢—(١٤.١٠٩) خوێندکار لە خوێندن دابڕاون.


٢٠١٢-٢٠١٣—(١٣.٨٠٥) خوێندکار لە خوێندن دابڕاون.

٢٠١٣-٢٠١٤—(١١.٠٥٧) خوێندکار لە خوێندن دابڕاون.


که سەرجەمی دەکاتە (٥٠.٥٦٧) منال کە وازیان لە خوێندن هێناوە.


ئەمە جگە لە ئامادەییەکان، ئەمە جگە لەوانەی کە هەر پەیوەندیان بە خوێندنەوە نەکردووە و ناونوس نەکراون کە ئەمانە هیچیان لەم ژمارەیەدا نین، واتە ئەو کاتە ژمارەکە چەند قات زیاد دەکات، دیارە ئەمە هۆکاری زۆرە، هەر لە پەروەردەیی، دەروونی، کۆمەلایەتی، ئابوری و سیاسی و هتد. کە کاری وەزارەتی پەروەردەیە لەگەل لایەنە پەیوەندیدارەکانی تردا هەولی بنەبڕکردنی، یا هیچ نا کەمکردنەوەی بدات، چونکە گەر سالانە ئەم ڕێژە زۆرەی نەخوێندەوار بڕژێنە نێو کۆمەلی کوردەوارییەوە ئەوا بێگومان داهاتوی نەوەکانمان و کۆمەڵەکەمان باش نابێت.

## ئاماری قوتابیانی –خوێندکارانی دابراو (قۆناغی بنەڕەتی) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەماوەی سالانی ٢٠١٠-٢٠١١ تاکو ٢٠١٣-٢٠١٤




**ئاماری قوتابیانی –خوێندکارانی دابراو (قۆناغی بنەڕەتی) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵانی ٢٠١٠-٢٠١١ تاکو ٢٠١٣-٢٠١٤ بە پێی رەگەز**






**ڕێژەی بەجێهێشتنی قوتابخانە لەتەمەنی ٦-١٢ ساڵان، ساڵی ٢٠٠٩-٢٠١٠**

## رێژەی ئەو گە نجانەی وازیان لە قوتا بخانە هێناوە تەمەن ١٦-١٨ سالی ٢٠٠٩-٢٠١٠




ئ

**ئەگەر لەم ئامارانە ورد بینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە:**

***-نزیکەی ڕێژەی ١٪ دەکات.**

***-ڕێژەی کوڕ زیاترە لە کچ.**

***-ریزبەندی پارێزگاکان بەم شێوەیەیە کە زۆرترین ڕێژەی وازهێنان لە پارێزگای دهۆکە، دوای ئەوە پارێزگای هەولێر و ئینجا پارێزگای سلێمانی دێت.**

## هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن:

**کۆمەلێك هۆکار دەبنە مایەی ئەوەی منالان واز لەخوێندن بێنن، کە دەکرێت لێرەدا لە چەند خالێکدا چڕیان بکەینەوە:**

**یەکەم: هۆکاری پەروەردەیی.**

**دووەم: هۆکاری کۆمەلایەتی.**

**سێیەم: هۆکاری ئابوری.**

**چوارەم: هۆکاری دەروونی.**

**پێنجەم: هۆکاری ئەمنی و ئاسایش و جەنگ.**

**شەشەم: هۆکاری سیاسی.**

**حەوتەم: هۆکاری بۆشایی یاسایی.**

## بەراوردی ڕێژەکە لەگەڵ ولاتانی تر:

ئەگەر بەراوردێکی ئەو ژمارەیەو ڕێژەی وازهێنانە بکەین کە لەهەرێمی کوردستاندایە لەگەڵ ولاتانی دەوروبەر، بەپێی هەندێك سەرچاوە لەهەندێك ولاتانی عەرەبی ڕێژەکە زۆر زیاترە لە هەرێمی کوردستان، کە لە هەندێکیاندا خۆی لە ٢٠-٢٥٪ دەدات. لە ولاتی ئێران نزیکەی ٣ ملیۆن منال بێبەشە لە خوێندن. لە عیراقدا بەهۆی ناسەقامگیری باری ئاسایش و خراپی باری دارایی ڕێژەکە نزیکەی ١٩٪ دەبێت. بەلام لە ولاتانی پێشکەوتوو ڕێژەکە زۆر نزمەو نزیکە لە ٠-١٪ دەبێت.

واتە ڕێژەکە لە هەرێمی کوردستان زۆر نیە، بەڵام پێمان وا نیە ئەو ئامارانە وردبن و تەواو بن و ڕاست بن. چونکە ئامارەکە ئەوانەی تێدا نیە کە هەر لە بنچینەدا نەچوونەتە بەر خوێندن و خۆیان ناونوس نەکردووە، هەروەها ئەوانەشی تیادا نیە کە لە قۆناغی (٩)ی بنەڕەتی بەسەرەوەن، جگە لەمە ئێستا بەپێی زانیاری ڕێژەکە زیاتر بووە لەبەر دوو هۆکار. یەکەمیان بەهۆی قەیرانی دارایی و خراپی گوزەرانی دانیشتوان و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی شەڕ و جەنگەوە ژمارەیەکی زۆر منال لەخوێندن دابڕاون، بەتایبەتی لە ناوچەگەرمەکانی شەڕیان تێدایە.

## ڕوو بەڕوو بوونەوەی دیاردەی وازهێنان لە خوێندن:

لە زۆربەی ولاتان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە یاسا هەیە و هەولدراوە بە یاسا ڕێگەی لێبگیرێت، لەوانە هەندێك لە ولاتانی ئەوروپی، هەروەها کوێت سالی ١٩٦٥ و سوریا: ١٩٨١ و قەتەر: ٢٠٠١ و میسر: ١٩٦٩ و لبنان و

مەغریب و  بەحرەین و ئوردن و ئیسرائیل: ١٩٤٩ هەریەکە یاسای تایبەتی خۆیان بۆ ئەم بوارە دەرکردووە. لە عیراقدا پێشتر یاسای خوێندنی ئیلزامی هەبوو کە لە یاسای ژمارە (١١٨) ی سالی ١٩٧٦دا خۆی دەبینییەوە.بەلام ئێستا ئەم یاسایە کاری پێناکرێت.

لە هەرێمی کوردستانیشدا بەپێی یاسای ژمارە (٢)ی سالی ١٩٩٢ ی وەزارەتی پەروەردە، لە بڕگەی (٢)ی مادەی (دەیەم)دا هاتووە: ***فێرکردن لە پلەی خوێندنی سەرەتایی ئیلزامییە.***

بەلام ئەم بڕگە یاساییە کاری پێناکرێت و لەبەرامبەر دیاردەی وازهێنانی منالاندا هیچ رێکارێك ناگیرێتەبەر.

هەروەها لە سیستەمی قوتابخانە بنەڕەتیەکانیشدا لە بەندی (٢) دا هاتووە:

***خوێندنی بنەڕەتی بەپێی ئەم سیستەمە کار دەکات بۆ ئەوەی سەرجەم منالانی کوردستان هەر لەتەمەنی شەش سالیەوە بە (٩) نۆ سالی خوێندنی تەوزیمی (پابەندبوون) بتوانن کەسایەتی خۆیان دروست بکەن و گەشە بە لایەنی هزری و جەستەیی و گیانی و رەفتاری خۆیان بدەن و ببنە هاولاتییەکی لەش ساغ و دەروون پاك و مێشك کراوە لە پێناوی ئەوەی رۆلێکی ئەرێنییان لە گەشەسەندنی کۆمەلگەدا هەبێت.***

هەروەها لەبەندی (١٩) برگەی چوارمان ستەمدا هاتووە:

***سەرجەم مندالانی کوردستان پابەندن بە تەواوکردنی قۆناغی بنەرەتی.***

بەلام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم بڕگەو ماددانە هیچ کامیان جێبەجیٚ ناکرێن و وەزارەتی پەروەردەش خەمساردەو هیچ هەنگاوێکی پێویستی بۆ چارەسەر کردنی ئەم گرفتە نەناوە.

**<u>میکانیزمی چارەسەر:</u>**

١-پەروەردە بە کاری خۆی هەلبستێت.

٢-خۆشەویستکردنی قوتابخانە لای منال.

٣-کاری بەکۆمەلی سەرجەم دام و دەزگە پەیوەندیدارەکان.

٤-هەلمەتی هۆشیاری.

٥-بۆ ئەم مەبەستە یاسایەکی تایبەت لە پەرلەمانی کوردستان دەربچێت.

# کەمکردنەوەی وازهێنان لە خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا

لە رۆژانی ١٨-٢٠١٤/٦/١٩ لە شاری هەولێر بۆ ئەم مەبەستە هەردوو رێکخراوی (هاوبەندی نێودەولەتی بۆ بەها مرۆڤایەتیەکان) و (ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان) وۆرك شۆپێکیان ئەنجامدا لەژێر ناونیشانە (کەمکردنەوەی وازهێنان لە خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا). کە لەهەردوو رۆژەکەدا نزیکەی زیاد لە (١٠٠) کەسایەتی پسپۆر و شارەزای بوارەکە و ئەندامانی پەرلەمان و نوێنەرانی وەزارەت و دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان بەشدار بوون و دوای پێشکەش کردنی چەند پەنالێك و دواتر گفتوگۆی بەشدار بووان و دابەش بوونیان بەسەر چەند گروپێکدا گەیشتینە ئەوەی لە پێناو ئەوەی ئەم دیاردەیە کەم بێتەوە و داهاتوی نەوەکانمان و کۆمەلگەکەمان رونتر بێت، ئەم راسپاردانە ئامادە کران و پێشکەش بە لیژنەکانی پەرلەمان و وەزارەت و دام و دەزگە پەیوەندیدارەکان کران.

## یەکەم: تەوەرەی کێشەی خوێندکار

١. قورسی پرۆگرامەکانی خوێندن و نەگونجانیان لەگەل میزاج و تەمەنی منالەکان.

٢. توندووتیژی و خراپ مامەڵەکردن لەگەل منالەکاندا.

٣. نەبوونی چالاکی و بابەتی تەرفیهی کە قوتابخانە لای منالان خۆشەویست بکات.

٤. نەبوونی پالپشتی ئابووری بۆ قوتابیانی هەژار.

٥. وەك پێویست نەبوونی مامەڵەی درووست لەلایەن هەندێ مامۆستاوە بۆ قوتابیان.

٦. زۆری هۆکاری خۆشنوودی (ترفیهی ) لەدەرەوەی قوتابخانەکان و کاریگەری لەسەریان.

٧. کەمی قۆناغەکانی ٧-٨-٩ ی بنەرەتی لەهەندێك شوێن، بەتایبەتی گوندەکان.
٨. بوونی قوتابخانە تایبەتیەکان و جیاکاری حکومەت لەگرنگی زیاتر پێ دانی
٩. بوونی جیاکاری چینایەتی بە بوونی قوتابخانە تایبەتەکان کە تەنها خاوەن داهاتە بەرزەکان منالەکانیان تیایدا دەخوێنن.
١٠. نا روونی دواڕۆژی خوێندن کە وەك پێویست خاوەن بڕوانامەکان دانامەزرێن.

## دووەم: تەوەرەی هۆشیاری:

١. هۆشیار کردنەوەی خێزانەکان لە گرنگی خوێندن.
٢. هۆشیار کردنەوەی خودی قوتابی.
٣. بەرزکردنەوەی توانای دامەزراندن بەپێی ئاستی بڕوانامە.
٤. کردنەوەی خولی پسپۆری و شارەزایی زیاتر بۆ مامۆستایان بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ قوتابیان.
٥. بەگەڕ خستنی زیاتری دەزگاکانی راگەیاندن بۆ هەلمەتی هۆشیاری وازنەهێنان لە خوێندن.
٦. دانانی خەڵکی شیاو لەشوێنی شیاو.
٧. کاراکردنی توێژەرانی کۆمەلایەتیو کردنەوەی خول بۆیان بۆ دیاریکردنی دەسەلاتو چۆنیەتی کارکردنیان.
٨. هاوکاری و هەماهەنگی نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و قوتابخانەکان.
٩. هەڵسەنگاندنو پێداچوونەوەی کاری بەڕێوەبەرە گشتیەکان.

## میکانیزمەکان:

١. هۆشیارکردنەوە لە ڕێگای پرۆگرامی خوێندن.
٢. کردنەوەی خولی بەردەوام بۆ ستاف خوێندنگاو بەڕێوەبەرایەتیەکانی پەروەردە.
٣. پێشکەشکردنی بەرنامەی تایبەت بە هۆشیاری پەروەردەیی لەڕێگای کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو..
٤. بلأوکردنەوەی هۆشیاری لەڕێگای بروشور و نامیلکەو بلأوکراوەکانی تر.
٥. گێڕانی کۆڕو سیمینار و وۆرکشۆپ لە شارو شارۆچکەو گوندەکان بەمەبەستی بلاوکردنەوەی زیاتری هۆشیاری بەهاوکاری ڕێکخراوە ناحکومیەکان.
٦. گۆڕینی شێوازی کۆبوونەوەی دایکان و باوکان بە ئاڕاستەی هۆشیاری پەروەردەیی.
٧. بەسیستەمکردنی پرۆژەی هاندانی منداڵ بۆ خوێندنەوە.
٨. خوێندنی پرۆگرامەکانی خوێندن بە شێوەی پۆاکتیکی.
٩. گرنگیدان بە وانەکانی وەرزش و هونەر بۆ هۆشیارکردنەوە.
١٠. پێدانی ڕۆڵ بە قووتابی.

## سێیەم: تەوەرەی ڕاگەیاندن:

١-کەنالێکی تایبەت بە پەروەردە وفیرکردن (الاعلام المتخصص)
٢-پروگرامی پێشبرکێی زانستی وتە رفیهی لە نێوان قوتابیان
٣-دەستنیشانکردنی پێشکەشکاری لاو بۆ بەرنامەکان.
٤-بە رنامە ی هۆشیاری بۆ بەکارهێنانی تەکنە لۆژیای گەیاندن.

٥-داخلكردنی تە كنە لوجيای ميديا بۆ ناو سيستە مى پەروە ردە وفێركردن.

٦ٚ-چاودێركردنی پرۆگرامە كانی tv لەرێی راوێژكاری تايبەتمە ند بە بودجە ی حكومی.

٧-بايە خدان بە ميديای قوتابخانەيی.

٨-بايەخدان بە ئيتيكی بەكارهێنانی تە كنەلوجيای ميديا.

٩-سازكردنی پێشبركێی ئەدە بی و هونەری لەئاستی شارو هە رێم.

## چوارەم:راسپاردە ياساييەكان

١. دەبێت مامۆستايانی بنەڕەتی هەڵگری بڕوانامەی بە كەلۆريۆسبن.(هەڵگری بڕوانامەی ديبلۆم دەبێت بەشداربێت لە خولێكی پەيمانگای گەشەپێدانی مامۆستايان).

٢. هەر پۆلێك لە ٣٠ قوتابی زياتر نەبێت.

٣. لە بەندی ٩ زيادكردنی دەستەواژەی (و بايەخ بە قوتابخانە حكومييەكان دەدرێت بۆ كەمكردنەوەی جياوازی لەنێوانيان و نێو قوتابخانە ئەهليەكاندا).

٤. لە بەندی ١٥ دەستەواژەی (پەيمانگەی مەڵبەندی مامۆستايان) لابرێت.

٥. لە بەندی ١٦ بۆ ناو پارێزگا بكرێت بە ٧ ساڵ، دەرەوەی شار بە ٥ ساڵ.

٦. لە بەندی ٢٥ رێكخستنەوەی خشتەی پشوی فەرمی بۆ قوتابخانەكان بەتايبەتی لە مانگەكانی ٣،٤.

٧. بەندی ٢٨ :

أ. هەموار بكرێت بە ٣ رۆژ لەبری هەفتەيەك.

ب. ٢ هەفتە بكرێت بە يەك هەفتە.

ج. فەسڵ نەمێنێت و لەبری ئەوە كار بە سەمەرسكوڵ بكرێت.